باوان خدر:
یاریزانی فێرگەی فوتساڵی رانیە

# بە هۆی قەیرانی داراییەوە یاریزانان بە خۆبەخش یاری دەکەن




قەزای رانیەی سەربە پارێزگای سلێمانی چەندین فێرگەی وەرزشی لەخۆی دەگرێت، فێرگەی تۆپی پێی شاری رانیەش لە ئاستی کچان یەکێکە لەو فێرگانەی کە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە لە داهاتوو دەتوانن سوود لە تواناکانی ئەو کچە یاریزانانە ببینن، یەکێک لەم یاریزانە بەتوانایانە باوان خدرمەلایە، کەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری رانییە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە و گۆڵکارێکی بەتوانای فێرگەکەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشی؟**

- هەڵبژاردنی بواری وەرزش حەزێکی لەمێژینەی من بووە، خەونی منداڵیم ئەوە بووە کە بە هۆی وەرزش بتوانم خزمەتی شارەکەم و وڵاتم بکەم.

*** بۆچی لەناو ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە یاری تۆپی پێت هەڵبژارد؟**

- هەڵبژاردنی تۆپی پێ بە هۆی ئەو خۆشەویستییە زۆرەیە کە بۆ ئەو یارییە هەمە، لە کوردستانیش تەنیا لە ڕێگەی تۆپی پێ دەتوانی سەرکەوتوو بێت، چونکە لەم وڵاتە کەمتر گرنگی بە وەرزشی دیکە دەدرێ.

*** ئاستی یاریی تۆپی پێ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- یاریی تۆپی پیێ لە کوردستان لە ئاستێکی مام ناوەندایە هیوادارم زیاتر ئاستی بەرەوپێشتر بچێت و گرنگی زیاتر بە یاریی تۆپی پێ بدریت لە کوردستان بە تایبەتی بۆ کچان .

*** هەست ناکەی ئەم یارییە پشتگوێ خراوە؟**

- تا رادەیەك پشتگوێ خراوە، وەکو بەرێوەنەچوونی خولەکانی ساڵانە لە کاتی خۆیدا و کورتیی خولەکان و کەموکوڕیی یاریگاکان و نەکردنەوەی خول لە یاریگای گە ورە بۆ کچان.

***گرفتی وەرزشی یاریی تۆپی پی لە فێرگەکان زیاتر چین؟**

-گرفتەکە ئەوەیە کە فێرگەیەکی زۆر هەیە لە کوردستان، بەڵام تیپی کچانیان نییە، تاکە فێرگەین کە شەش ساڵە بێ دابڕان و خۆبەخشانە نەوەستاوین لە مەشق و ڕاهێنان، هیوادارم یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بیکاتە مەرج بۆ سەرجەم فێرگەکان کە دەبێت تیپی کچانیان هەبێت.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

- پارساڵ لە خولی نایابی کوردستان یاریم بۆ یانەی دەروازە کرد و یەکێك بووم لە گۆڵکارانی خولەکە.

*** لە ژیانی وەرزشیت بە هیوای چیت؟**

-هەمیشە بە هیواوە ژیاوم دوودڵ نیم لە پێکانی ئامانجە وەرزشییەکانم.

*بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟

-کۆڵ نادەم و زیاتر پەرە بە تواناکانم دەدەم، ئاواتمە رۆژێك ببمە نوێنەری هەڵبژاردەی کوردستان و عێراق.

*** قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر ئەم یارییە؟**

- قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری کردۆتە سەر یاری تۆپی پێی کوردستان. تیپ هەیە ساڵانە بە شداریی خولەکان ناکات لە ئاستی کوڕان و کچان و تیپ هەیە ئاستێکی زۆر باشی هەبووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی قە یرانی دارایی هەڵوەشاوەتەوە، بە هۆی قەیرانی داراییەوە یاریزانان بە خۆبەخش یاری دەکەن.

***گرفتی یاریی تۆپی پێ لە شاری رانیە چییە؟**

- یاری تۆپی پێ و یارییەکانی تریش لە رانیەدا گرفتیان هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەمیی یاریگا و نەبوونی یاریگای تایبەت بە خۆمان.

*** کردنەوەی کەمیی پاڵەوانێتی ئێوە لەم یارییە سارد ناکاتەوە؟**

- بێگومان نەبوونی پاڵەوانێتی و کەمیی خولەکان یاریزانان سارد دەکاتەوە و تیپەکان لە مە شق و راهێنان و دادەبڕێن لە یارییەکە و دوور دەکەونەوە لە یاریی تۆپی پێ.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- کردنەوەی خولی زیاتر و گرنگیدان بە مەشق و راهێنان لە لایەن یانەکان و پاڵپشتیی یاریزانان لە رووی ماددی و پێداویستی وەرزشی، هەروەها گرنگیدان بە یاریزانی تەمەن بچووك و تێگەیشتنی کۆمەڵگە و رۆشنبیریی خێزان بۆ وەرزش وادەکات ئاستی یاریی تۆپی پێ لە شارە کانی کوردستان بەرز ببێتەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بەسەرکردنەوەکەتان زیاتر هانم دەدات و گرنگیدانە بەدەرخستنی بەهرە و توانای کچانی کوردستان. ئەمەوێ لێرەوە سوپاسی خێزانەکەم و ستافی خۆبەخشی فێرگەی رانییە بکەم کە زۆر بە منەوە ماندوو بوون.

# ریال مەدرید سێ یاریزان دەکاتە ئامانج

یانەی ریال مەدرید بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی لەگەڵ جولین لۆپیتیگێ، راهێنەری یانەکە لە بارودۆخێکی خراپدایە و کێشەکانی یانەکە هاندەدەن بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی زستانەدا گرێبەستی نوێ مۆربکەن.

بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ریال مەدرید لە گواستنەوەی زستانەدا چاوەروان دەکرێت کار بۆ گواستنەوەی سێ یاریزان بکات.

رۆدریگۆ گوس: بەپێی دەزگا هەواڵەکان یانەی ریال مەدرید چاودێری رۆدریگۆ گوس یاریزانی یانەی سانتۆسی بەرازیلی دەکات بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی زستانی داهاتوودا بباتە ریزەکانی.

ریال مەدرید ئامادەبوو لە گواستنەوەی هاوینی رابردوودا ٤٥ ملیۆن یۆرۆ بۆ گواستنەوەی یاریزانە ١٧ ساڵەکە بداتە یانە بەرازیلییەکە، دواتر ئەم بیرۆکەیەی بۆ هاوینی ٢٠١٩ گۆڕی، بەڵام ئێستا یانەکە دەیەوێت لە زستاندا ئەو یاریزانە بگوازێتەوە.







# نرخی کاتژمێرەکەی رۆناڵدۆ بزانە

کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئەستێرەی یانەی یوڤێنتوس لە کاتی بەشدارییکردنی لە کۆنگرەی رۆژنامەوانی پێش لە یاریی یانەکەی بەرانبەر مانچێستەر یونایتد بە کاتژمێرەکەی دەستی هەمووانی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد.

لە کۆنگرەکەدا رۆناڵدۆ کاتژمێرێکی سەرنجراکێشی لەدەستبوو، کە هەمووی لە ئەڵماس دروستکراوە و رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی دەڵێت نرخی ئەو کاتژمێرە دەگاتە ١,٨ ملیۆن پاوەند و ٤٢٤ پارچەی ئەڵماسی تێدا بەکارهاتووە.

شارەزاییەکی کاری ئێکسسواراتی بەریتانی دەڵێت کاتژمێرەکەی رۆناڵدۆ کە لە دەستی کردووە لە مارکەی فرانک مۆلەرە و مارکەیەکی بەناوبانگە.

رۆناڵدۆ بەوە بەناوبانگە، کە حەزی لە شتی جیاوازە و پێشتریش کاتژمێری جاکۆب ئاند کوی بەکارهێناوە، کە نرخەکەی دەگاتە ١٣٠ هەزار دۆلار.

جێگەی باسە لە یارییەکەی نێوان هەردوو یانەی مانچستەر یونایتد و یانەی یوڤانتۆس، کە لە یاریگەی ئۆلترافۆرد ئەنجامدرا یانەی یوڤانتۆس بەگۆلی دیابالا سەرکەوتنی بە دەستهێنا.



خامێس ڕۆدریگێز: یاریزانێکی دیکە، کە ریال مەدرید دەیەوێت لە گواستنەوەی زستانەدا بباتە ریزەکانی خامێس ڕۆدریگێز یاریزانی کۆڵۆمبی و بەشێوەی خواستن لە یانەی بایرن میونیخ یارییدەکات، بەڵام دوای هاتنی نیکۆ کۆڤاچ بۆ ڕاهێنەرایەتی یانە ئەڵمانییەکە خامێس دەیەوێت لە یانەکە بڕوات، لە کاتێکدا بەو مەرجە چووەتە بایرن، کە بتوانێت بگەڕێتەوە ریال مەدرید و گرێبەستەکەشی لەگەڵ ریال مەدرید تاوەکو ٢٠١٩ ـەیە.

ماورۆ ئیکاردی: ئەم یاریزانە ئامانجی ریال مەدریدە لە گواستنەوەی زستانەدا، ماورۆ ئیکاردی هێرشبەری ئەرژەنتینی یانەی ئینتەرمیلانە، کە ماوەیەکە ریال مەدرید چاودێری ئەو یاریزانە دەکات بۆ ئەوەی بباتە ریزەکانی.

نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ئیکاردی ١٢٠ ملیۆن یۆرۆیە، ئەگەری هەیە ئەوەش ببێتە هۆکاری ئەوەی فلۆرێنتینۆ پێرێز بە جددی کار بۆ گواستنەوەی بکات .



# زاڤی باشترین یاریزانی جیهانی دەستنیشانکرد



زاڤی هێرناندێز کاپتنی یانەی سەدی قەتەری لە دیمانەیەکدا باشترین یاریزانی مێژوو دەستنیشان دەکات.



زاڤی لە لێدوانێکیدا گوتی: لە ئێستاوە بیر لە کاری ڕاهێنەرایەتی دەکەمەوە، بەڵام حەزم لە شێوازی یاریکردنی گواردیۆلایە و رقم لە سیاسەتی یاریکردنی مۆرینهۆیە.

زاڤی هێرناندێز کاپتنی پێشووی یانەی بەرشلۆنە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ماڵپەری کالچیۆ مێرکاتۆی ئیتاڵی گوتی: مێسی لە کریستیانۆ باشترە، چونکە من هاوشانی لیۆنێل میسی یاریم کردووە، ئەو خاوەنی بەهرەیەکی بێ وێنەیە و دەتوانێت لە هەر ساتێکدا جیاوازی دروست بکات، بۆیە بەبێ هیچ گومانێك مێسی نەك باشترین یاریزانی جیهانە، بەڵکو باشترینی مێژووە.

چاڤی گوتی: لە ئێستاوە بیر لە ڕاهێنەرایەتی دەکەمەوە، بەڵام حەز بە ڕاهێنەرایەتی خۆزێ مۆرینهۆ ناکەم، چونکە ئەو هەمیشە ئیش لەسەر کەمکردنەوەی بۆشایی یاریگە دەکاتەوە و شێوازێکی بەرگری توند پەیڕەو دەکات، بەڵام زۆر سەرسامم بە پلانی یاریکردنی گواردیۆلا، چونکە هەم یاریزان و هەم بینەر دەتوانێت چێژ لە شێوازی یاریکردنی ڕاهێنەرە، کە تەلۆنیاییەکە ببینێت.




## فوتساڵی قەڵای تورکمانی کار لەسەر یاریزانانی شاری هەولێر دەکەن

## کاوە ئیبراهیم پێویستمان بە گۆڵپارێز نییە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی هەولێر ئەمساڵ بە تیپێکی تۆکمە و زۆربەی یاریزانی لاو بەشداری وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستانی کردووە، تیپەکەش لە دەستپێکی خولەکەوە چاوی لە ئەنجامی شایستەیە لەم وەرزەدا، گۆڵپارێزانی تیپەکەش بە شێوەیەکی باش ئامادەکارییان کردووە بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بە ئاستێکی بەرز دەربکەون و تۆڕی گۆڵی یانەکەیان بپارێزن، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو راهێنەری گۆڵپارێز توانیومانە ئامادەکارییەکی باش بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەم وەرزە ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین، ئێستاش لە دەستپێکی خولەکەین و دەمانەوێ بە گۆڵپارێزەکانمان بەرگری لە تۆڕی گۆڵەکەمان بکەین، هەرچەندە ژمارەی گۆڵپارێزەکەمان کەمە و تەنیا دوو گۆڵپارێزە بۆ ئەم وەرزە، بەڵام لەم قۆناخە پێویستیمان بە گۆڵپارێزی زیاتر نییە و ئەگەر لە قۆناخی دووەم پێویستمان بوو، رەنگە گۆڵپارێزی تر زیاد بکەین، بەڵام وەکو ستافی راهێنەرانی گۆڵپارێز بەرنامەیەکی تۆکمەمان داناوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی زۆر باش دەربکەوین و گۆڵپارێزەکانمان لاون و توانای ئەوەمان هەیە کە بەم گۆڵپارێزانە ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین، وەکو یانەش هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە یانەی پێشمەرگە و کارگێڕی تیپەکەش هاوکاری باشمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین بەم یاریزانانە ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنین.» لەبارەی هەبوونی گرێبەستیش گوتی: «ئەمساڵ گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگە کردووەو بەردەوام دەبم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەو هیچ گرێبەستی تریشم نەبووە لە یانەکانی دیکە، بۆیە دەمەوێ هەموو توانای خۆم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر تەرخان بکەم.»

تیپی فوتساڵی یانەی قەڵای تورکمانی ماوەی چەند مانگێکە بە ستافێکی تازە و کۆمەڵێك یاریزانی لاوی شاری هەولێر دامەزراوە و لە ئێستاشدا یانەکە بە سەرپەرشتیی مەزن محەممەدی راهێنەری پێشووی یانەی ئافرەتانی هەولێر خەریکی ئامادەکارین بۆ خولەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی بتوانن لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد راهێنەری تیپی فوتساڵی قەڵای تورکمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە ئەمساڵ بە کۆمەڵێك یاریزانی لاوی شاری هەولێر ئەم تیپەمان دروست کردووە کە ئامانجی ئێمە ئەوەیە بتوانین بەم لاوانە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین لە پاڵەوانیەتییەکانیداهاتوو، بەرنامەی ئەوەشمان هەیە بەشداری بکەین و ببینە نوێنەری یانەکانی شاری هەولێر، ئێمە کار بۆ داهاتوو دەکەین و دەمانەوێ کۆمەڵێك یاریزانی باشی بەتوانا بۆ شاری هەولێر دروست بکەین و ئەم یاریزانانەش ببنە نوێنەری شاری هەولێر بۆ خولەکانی داهاتوو.»



## دیار یاخی لە یانەکانی کوردستان داوا کراوە



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە یەکەکانی عێراقەوە بە هێنانی کۆمەڵێك یاریزانی کورد توانی بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی سەربکەوێتەوە، یاریزانە کوردەکانیش توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە خولەکە و یەکێك لەم یاریزانانەش دیار یاخی یاریزانی یانەکە بوو کە توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بەڵام ماوەی چەند رۆژێکە ریزی یانەی هەولێری جێهێشتووە بەهۆی یاری پێ نەکردنی لەلایەن راهێنەری تیپەکە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە یانەکانی کوردستان داوای یاریکردنیان لێ کردووە بۆ خولە گەورەکەی کوردستان، لەم بارەشەوە دیار یاخی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «خولی پلە یەکی عێراقم لەگەڵ یانەی هەولێر تەواو کردو بەرنامەی ئەوەشم هەبوو بەردەوام بم بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستانیش، بەڵام بەهۆی یاری پێ نەکردنم لەلایەن راهێنەری یانەی هەولێرەوە، ریزی یانەکەم جێهێشتووە، بەرنامەی ئەوەشم نییە بگەڕێمەوە تاکو ئەو راهێنەرە سەرپەرشتیی تیپەکە بکات، من بۆ یاریکردن رووم لە یانەی هەولێر کردبوو، نەك بۆ دانیشتن لەسەر کورسی یەدەگ.» لەبارەی داواکردنی لەلایەن یانەکانی دیکەی کوردستانیش دیار یاخی گوتی: «چەندین یانەی شارەکانی کوردستان داوای یاریکردنیان لێم کردووە بۆ ئەوەی لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان یاری بۆ ئەو یانانە بکەم، بەڵام جارێك من هیچ بڕیارێکم نەداوە لەسەر چارەنووسی خۆم وەکو یاریزان، دەمەوێت لە ئێستادا پشوو بدەم بۆ ئەوەی چارەنووسم لەگەڵ یانەی هەولێر یەکلایی ببێتەوە، ئەوکات بڕیارێك دەدەم.»